# شەونم

هۆنراوەی (90)

**ای کەدر کشتن ما هیچ مدارا نکنی**

ئەی ئەوەی بۆ مە لە کوشتن چ مودارا ناکەی
خێر و دەسمایە دەسووتێنی و پەروا ناکەی
دەردەدارانی ئەوین گشتی بەدەنیان ژەهرە
دژی ئەو قەومە بکەی فیکری خەتا چاناکەی
مەرەزی ئێمە شیفای بەندە بە گۆشەی چاوت
شەرتی ئینساف نیە ئەو دەردە موداوا ناکەی
چاوی ئێمە کە وەکوو بەحرە بەهیوای دینت
بەسەیاحەت سەفەرێ بۆچی لە دەریا ناکەی
نەقڵی جەورێکی لە خوو و خسڵەتی جوانت دەکرێ
قەول و بوختانی نەتەویانە ئەتۆ وا ناکەی
زاهیدا بێت و نیگاری مە ببینی لە خودا
هەرچی غەیری مەی و مەعشووقەیە داوا ناکەی
گەر ببەی سوجدە لە نێو تاقی برۆی ئەو حافز
چ دوعایێکی بەدڵ غەیری لەوێدا ناکەی

حافزی حەقیقی